# مەسوولەکان : ئەوەی چەپڵە لێنەدات خائینە؟!

ئامانج

ئەگەر سەرنج لەو کۆروکۆبونەوانە بدەین کە مەسولەکانی کوردستان خەڵکی بۆ بانگ دەکەن ، هەندێ کەسی خۆیان دەخەنە ناو خەڵکەکەوە هەتا لەکاتی جۆراوجۆردا _ لە سەرەتا و کۆتای کۆبونەوەکەدا_ چەپلە لێدەن و خەڵکەکەش ناچار بە چەپڵە لێدان بکەن ! جا پیاوم دەوێت وچەپڵە لێنەدات ئەوا لەهەموو لایەکەوە بەچاو هەرەشەی لێدەکەن ؟ زمان حاڵی مەسولەکەش دەڵێت : چەپڵم بۆلێدەن رۆحم ئاسودەکەن من گرنگم من خەباتم کردوە ئێمە موعجیزەین بۆ کورد ئەگەر ئێمە نەبین کورد دەفەوتێ لەبەر ئەوە چەپڵە لێدەن ئەگەر چەپڵە لێنەدەن ئەوا سوکایەتیتان پێکردووم _ ئەگەر خوێنەوارن نەخوێنەوارن سەرتان سپیە یان رەشە یان جامانە بەسەرن مێزەر بەسەرن یان سەر روتن _ لەباتی ئەشهەدووبیلا چەپڵە لێدەن . دەنگمان بۆ بدەن تەماحی لەسەدا سی داهاتی عێراقمان لە بەر دەستتدایە ، حەزەکانمان_ پرۆژەو کومپانیاکانمان _ گەورەبون بە داهاتی کوردستان تێرناخۆن و تەواونابن، قەت نەڵێن بۆ واکرا بۆچی وابوو ؟! چەپڵە لێدەن دەنگمان بۆ بدەن لە پاشان باس لە شتەکان بکەن ،( نفذ ثم ناقش )مەڵێن داهاتی کوردستان چی لێهات ! مەپرسن بۆ کوردسان ئاوەدان نەکراوەتەوە بۆ ئاو نیە بۆ کارەبا نیە بۆ رێگاوبان باش نیە بۆ سوتەمەنی نیە ئەوانەگرنگ نین ؟! ئەوانە دەبێت هەروا بمێننەوە هەتا ببێت بە بیانوو بۆ داواکردنی پارەی زۆر لە عیراق و دەوڵەتانی تر بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و هەڵبجە! دەنگ بدەن کورد سەرخەن (بە مەرجێ ئێمە بین) ئێمە موعجیزەین چەپڵە لێدەن دەنگمان بۆ بدەن، چەپڵە لێدەن دەنگمان بۆ بدەن !